ڕۆژی گەل
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دە
ژمارە (195) یەکشەممە 2007/9/30

## دەرچوون لە عێراق هەڵبژاردنێکی سەختی دەوێ

پەیمانگەی برۆکینجز لە لێکۆڵینەوەیەکی خۆیدا لەژێر ناوی ( دەرفە 2008) ڕەوشی عێراقی هەڵسەنگاندووەو بەو ئاکامە گەیشتووە کە لە عێراق دا شەڕێکی ناوخۆی دژوار بەڕێوەدەچێ و خەڵکی سڤیل ئاوارەدەبن، دەگمەنیشن ئەوانەی دان بەو ڕاستیە تاڵە دەهێنن.

لێکۆڵینەوەکە پێیوایە کە هێزەکانی ئەمریکا لە ڕەوشی ناخۆش و دۆڕان دان، حکومە جۆرج بووشیش لە گرەوەکانی خۆی دا کە بە شەڕی دژە تیرۆر ناودێری کردووە هەرە هێناوە، چونکە هەم زیانێکی گەورەی بەرکەتووە هەمیش سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، بۆیە دەرچوون لە عێراق لەبەردەم هەڵبژاردنێکی سەخت و دژوار دایە.

لێکۆڵینەوەکە شیمانەی ئەوە دەکات کە کورد ڕزگاری ببێ و لەو کاتەدا دەوڵە سەربەخۆی خۆی پێکبهێنێ، لەوانەیە دەستتێوەردانی دەرەکیشی لێبکەوێتەوە.

ل3 ئەنجوومەنی پیران ڕەزامەندی لەسەر دابەشکردنی عێراق دە
ل4 تکایە یاساو بڕیارەکانی دوبەی بۆ هەولێر بهێنن!!
ل5 ئایا کەرکوک بۆ باوە کوردستان دەگەڕێتەوە؟!
ل6 لەسەر وشەیەک دوو بێتاوان دەربەدەر دەبن
ل7 بیرەوەریەکانم " سلێمان بە "

# هاوپەیمانانی سەکردایەتی سیاسی کوردستان دژی فیدراڵی هەڵوێست وەردەگرن




نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە کاردانەوەیەکی چاوەڕوان نەکراودا دژی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدراڵ هەڵوێستی وە و داوای لە پەرلەمانی عێراق کرد کە دژی بڕیارەکە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا هەڵوێست وەربگرێ!

پێشتر عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرکۆماری عێراق هەلوێستی خۆی لەبەرانبە بڕیارەکەی کۆنگرێس پێشان دابوو، ڕایگەیاندبوو کە پێنج هەزار ساڵە عێراق یەکگرتووەو دابەش ناکرێ!!

نوری مالکی و عادل عەبدولمەهدی کە بەردەوام خەجت لە ەر عێراقێکی فیدراڵی دەکەنەوەو سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش پشتیوانیان لێدە ەن حزبەکانی مال و عادل عەبدولمەهدی لەگەڵ هەردوو هێزە دەستەڵاتدارەکەی کوردستان هاوپەیمانێتی نوێیان مۆرکردووەو لەوێ جەختیان لەسەر عێراقێکی فیدراڵی کردۆتەوە کەچی لە ڕێگە ڕاگەیاندنەکانەوە هێرش دەکەنە سەر فیدراڵی.

مالکی لە گەڕانەوەیدا بۆ عێراق بە ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاندووە: ئەگەر عێراق بۆ سێ هەیمی فیدراڵی کوردی، سوننی و شیعی دابەش بکرێ کارەساتێکی گەورە لە عێراق و ناوچەکەدا دەقەومێ!! بەوهۆیەوە داوای لە پەرلەمانی عێراق کرد کە بە پەلە کۆببێتەوە دژی ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا هەڵوێست وەربگرێ.

مالکی بڕیارەکە ئەنجوومەنی پیرانی بە شتێکی سەیر وەسف کردو گوتی: یەکگرتوویی عێراق و سەروەری و ئاسایش و شێوەی سیستەمی فەرمانڕەوایی پێوەندی بە خودی عێراقیەکانەوە هەیە و کاری ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا نیە.

مالکی داوای لە کۆنگرێسی ئەمریکا کردووە کە بۆ یەکێتی و سەروەری عێراق هاوکاری .

چاودێران هەڵوێستی مالکی بۆ ئەو گۆڕانە دەگێڕنەوە کە ئێستا حکومە ئەمریکا بەرانبەر بە خودی مالکی هەیەتی و دەیەوێ مالکی لە پۆستە ەی لابدرێ بەڵام هەڵوێستی عادل عەبدولمەهدی ناخوێندرێتەوە چونکە سەرۆکەکە عەبدولعەزیز ئەلحەکیم هەمیشە جەخت لەسە عێراقێکی فیدراڵی و پێکهێنانی فیدراڵی باشوور دەکاتەوە. لێدوانەکانی هاوپەیمانانی سەرکردایە کوردستان دژی بۆچوونەکانی سەکردایە هەرێمی کوردستانە، ئەمان پێشوازیان لێکردووەو هاوپەیمانانیشیان لەدژیدا ڕاوەستاون.

## ئەردۆگان دەیەوێ لە ڕێگەی دەستووری هەمیشەییەوە زمانی کوردی ئازاد بکرێ

**ڕەجەب تەیب ئەردۆگان** سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە وەڵامی پرسیارێکی سەرۆکی ئیرلەندا دا گوتبوو : هیچ جارێک کورد کەمە نەتەوە نەبووە، ئێستا ئێمە هەوڵ دەدەین ڕێگە لەبەردەم زمانی کوردی بکەینەوە، بۆ ئەمە مەبەستەش هەوڵ دەدەین گۆڕانکاری لەدەستووری هەمیشەیی دا بکەین.

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان یەکێک لەو کەسانە بوو کە بۆ کۆبوونەوەکەی بیل کلنتن سەرکۆماری پێشووی ئەمریکا بانگهێشت کرابوو. لەوێ زۆرترین دیداری ڕۆژنامەوانی لەگەڵ دا کراو زۆربە جارانیش سەبارەت بە ڕەوشی کوردان ڕووبەڕووی پرسیار دەکرایەوەو ئەویش بە شێوازی خۆی وبە جیاوازی وەڵامی دەدایەوەو خۆی لە پرسیارەکان دەدزیەوە.

لەدەرەوەی کۆبوونەوە نیۆیۆرک **ماری ڕۆبنسن** سەرکۆماری پێشووی ئیرلەندا سەبارەت بە ڕەوشی کوردان پرسیاری کردبوو، ئەردۆگان گوتبووی :" ڕەوشی کورد باشەو هیچ پرسێکیان نیە" بەڵام ئەو بە بەرسڤەکە نەببوو بۆیە لەنێو کۆبوونەوەوە لێی پرسی بوو:" ن لە وڵاتەکەی تۆ زمانی کوردی قەدەغە بوو، ئێستا ئازادە ! ئێوە لەسەر ئەم مژارە چۆن بیر دەکەنەوە؟!"

ئەردۆگان بەناچاری وەڵامی دابۆوەو گوتبوی:" هیچ جارێک کورد کەمەنەتەوە نەبووە، هەوڵ دەدەن ڕێگە لەبەردەم زمانی کوردی بکەینەوە بۆ ئەوە تێدەکۆشین کە دەستووری هەمیشەیی بگۆڕین.

قسەکانی ئەردۆگان ئەگەرچی نوێ نین بەڵام دیسانەوە بەڵێنی گۆڕینی دەستوور بۆ ئازادکردنی زمانی کوردی هەنگاوێکی ئەرێنی دەبێ، کوردی باکور دەتوانێ شێلگیرانەتر بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکانی خۆی بێتە مەیدان و سەرکەوتن مسۆگە .

چاودێرانی سیاسی تەنگژەیەکی گەورە لە قسەکانی ئەردۆگان دا دەبینن، جارێک بۆ لێدانی پەکەکە داوای هاوکاری لەئەمریکا دەکات جارێک بەڵێنی گۆڕینی دەستووری هەمیشەیی دە .

## ڕۆژەڤ

ڕەزامەندی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا لە سەر پێشنیاری دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدراڵی و پێخۆشبوونی سەرۆکایەتی هەرێم و کوردستانیان کۆمەڵێک پرسیاری هێناوەتە ئاراوە لەلایەکەوە عەرەبە دەمارگیرەکان ڕەزامەندی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا کە وڵاتێکی داگیرکەری عێراقە بە دەستێوەردان دادەنێن و پێخۆشبوونی کوردستانیانیش بە یا لێکدەدەنەوە! لەلایەکی دیکەشەوە هەندێک کەس و لایەنی کوردستانی و بیانی پێیانوایە کە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی پیران لەسەر بە فیدراڵیکردنی عێراق بەهیچ شێوەیەک دەستکەوتەکانی ئێستای باشووری کوردستان گەورەتر ناکاتەوە، ئاواتی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیش دوورتر دەکاتەوە، چونکە واتای دامەزراندنەوەی عێراقێکی ئارەزوومەندانە دەگەیەنێ و کوردستانیانیش بۆ خۆیان بەشداری لەو دامەزراندەوەیەدا دەکەن کە پێشتر دامەزراندنی زۆرەکیان ڕەت کردۆتەوەو لە جەنگاون و هەوڵی گێڕانەوەی ماف و سەربەخۆی خۆیان داوە.

ڕەزامەندی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا لەسەر بە فیدراڵیکردنی عێراق ئەو ڕاستیە بەرجەستە دەکات کە عێراق یەکەیەکی گونجاوو پتەو نیە، بەدرێژایی 90 ساڵی ڕابردووش ئەگە چی گەل و پێکهاتەکان لەنێو چوارچێوەی یەک سنووردا کۆکراونەتەوەو یەک حکومەتی ناوەندیان هەبووە، بەڵام یەکێتی لەنێوانیان دا دروست نەبووە و نەتەوەکان لەنێو دۆزەخی شەڕ و ماڵوێرانی دا ژیاون و پێکهاتەکانیش بە دوای وەدەستهێنانەوە مافەکانیان تێکۆشاون، لەلایەکی دیکەوە ڕەزامەندیەکە ئەنجوومەنی پیران ئەو بانگەشانەش ڕەت دەکاتەوە کە عێراق لە ئەزەلەوە یەک سنووری هەبووەو هەڵناوەشێتەوە، بەڵام ئێمە کوردستانی پێویستمان بەوە نیە کە پێداگری لەسەر عێراقێکی خاوەن سێ هەرێمی فیدراڵ بکەینەوە، ئێمە لەسەرمانە بۆ هەموو لایەک بیسەلمێنین کە عێراق لە دوو نیشتمانی کوردستان و عەرەبستان تێکهەڵکیش کراوە، کاتێک ئەوەش بچەسپێ، ئیدی ئەگەر عێراق دوو فیدراڵی بێ یان سێ فیدراڵی ڕێگە وەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کوردستان ئاسان و نزیکتر دەبێتەوە.

ڕاستیەکەی ئەمڕۆ خوێندنەوەی عێراقی تێکهەڵکێشراو لە دوو نیشتمان بە دەگمەن کاری بۆ دەکرێ، زیاتر جەخت لەسە یەکسانی و وەکهەڤی دەکرێتەوە کە ئەمەش لە خەونێکی خۆش بەولاوە ئاکامێکی دیکەی لێوەبەرهەم نایەت، هەندێک لە سەرکردەکان عێراقێکی بەهێز لەبەرژەوەندی کورد دەبین، مخابن ئەمەش تەواو پێچەوانەیەو ئەزموونی مێژوو پێچەوانەکە سەلماندووە، بۆیە ئەرکی کوردستانیانە کە خۆشبەختی و ئاسوودەیی و یەکسانی خۆیان لە تێکۆشانی بەردەوام بەرجەستە بکەن و بە جیهانیانی بسەلمێنن کە بەشێکی نیشتمانی کوردستان بەبێ ئارەزووی گەلەکەیەوە بە بەشێکی نیشتمانی عەرە لکێنراوەو دەبێ لەیەکتر جیابکرێنەوە.

## ژنانی سعودیە داوا لە شا عەبدوڵڵا دەکەن تا ڕێگەیان پێبدرێ مۆڵەتی شۆفێری دەربهێنن

ژنانی وڵاتی عەرەبستانی سعودی بۆ ئەوەی مافی ئەوە بەدەست بهێنن کە مۆڵە شۆفێری دەربهێنن و ماشێن لێبخوڕن کەمپینێکیان پێکهێنا، لەڕێگەی ماڵپەڕە نی ئینتەرنێتەوە هەزاران هە ئیمزایان کۆکردەوە.

سەرەتای مانگی ئەیلول ڕێکخراوێکی ژنانی وڵاتی عەرەبستانی سعودی بەمەبەستی ئەوەی دەنگیان لەلایەن شای وڵاتەکەیانەوە بیستراو بێ و ڕێگەیان پێبدرێ مۆڵەتی شۆفێری دەربهێنن، کەمپینێکیان پێکهێنا، دوای تەواو بوونی کاتی کەمپینەکە ڕۆژی 23-9-2007 ئاکامی ئەو کەمپینە بپ کۆشکی پاشایەتی ڕەوانە .

هەرچەندە لە سعودیە یاسایێک نیە ڕێگە لە وەدەستهێنانی مۆڵە شۆفێری لە ژنان بگرێ، بەڵام فتوای هەندێ پیاوی ئایینی وایکردووە کە ڕێگە لەژنان بگرێ و لەو مافە بێبەری بکرێن. هەندێک لەپیاوانی ئایینی کە لەنێو سعودیە دەستیان دەڕواو لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئەو وڵاتەوە پێوانەیان بۆ دەکرێ لیخوڕینی ماشێن بۆ ژنان بە باش نازانن و پێیانوایە کە دەرفە بەدڕەوشتی دەڕەخسێ، چونکە بەوهۆیەوە ژنان تێکەڵاوی پیاوان دەکەن بەمەش ڕەوشێکی خراپ دێتە ئاراوەو داهاتووی خێزانی بەرەو هەڵتەکاندن دە .

ئێستا لەسەرانسە جیهان دا عەرەبستانی سعودی تاکە وڵاتێکە کە مافی لێخوڕینی ماشینی لە ژنان زەوت کردووە، وڵاتانی دیکە ئیسلامی بە یاسا ئەو مافەیان بۆ ژنان سەلماندووەو لە پراکتیکیشدا کاری پێدەکەن، بەڵام فەرمانڕەوایانی عەرەبستانی سعودی لەژێر کاریگەری فتوای پیاوانی ئاییندا ئامادە نین ئەو مافە بە ژنان ڕەوا ببینن، ژنانی ئەو وڵاتە هیواخوازن ئەمجارەیان خودی مەلیک پشتیوانیان لێ .

## عەلاوی: نوری مالکی لەبەرانبەر نەیارانی خۆی زۆر لە سەدام خراپترە

ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق پێیوایە کە نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق لە بەرانبەر نەیارانی خۆی دا زۆر لە سەدام حوسێن سەختگیر ترە، بۆیە داوا دەکات کە دەست لە بکێشێتەوەو هەڵبژاردنی گشتیش لەو وڵاتە بەڕێوەبچێ.

ئەیاد عەلاوی لەو دیدارەی ڕۆژنامەی دیلی تەلەگراف کە ڕۆژی هەینی ڕابردوو. 2007-9-28 بڵاوکردۆتەوە، گوتویە : نوری مالکی بۆخۆی ڕێبەرایەتی چەوساندنەوە نەیارانی سیاسی خۆی دە شێوازەکەشی زۆر لە شێوازی سەدام حسێن ترسناکترە.

عەلاوی شێوازی قۆرخکردنی دەستەڵات لەلایەن ئەندامانی حزبی دەعوە کە مالکی سەرۆکایەتی دەکات بە کۆدێتای ساڵی 1968 بەعسیەکان دەچوێنێ و پێیوایە کە مالکی بۆ خۆی سەرپەرشتی ئەمن و ئیستخبارات دە . ئەو پێیوایە کە نوری مالکی زۆر لە سەدام حسێن خراپترە بەوهۆیەوە دەبێ خەڵکی عێراق لەسە بیهێننەخوارێ و هەڵبژاردنێکی نوێ بەڕێوەببەن.







## لە کەمپینی چاک بەشداری بکەن

بەمەبە نەکردن لەسەر ئەو سزایە کە دادگای باڵای تاوان دەرهەق بە تاوانبارانی ئەنفالکردن داویەتی ناوەندی کەمپنێکی پێکهێناوەو داوا لە کوردستانیان دەکات کە بەشداری تێدا بکەن و بە ئیمزایێک داوا لە لایەنی پەیوەندیدا بکرێ.
www.chak.be

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.